حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب. کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

ژمارە: ١٨٨٠٢ / ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

(ISO 9001:2015)

العدد:
التأريخ: ١٦ / ٦ / ٢٠٢٥

## بەیانی ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٢٥
## هێنانەکایەی گوندی (خەڵانی نوێ)

ئاماژە بە نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ژمارە (٣٠٦٦ لە ٢٠٢٥/٥/٢٦ ) و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی.

**بڕیارماندا بە:**

**یەکەم :** هێنانەکایەی گوندی (خەڵانی نوێ) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێ ی ماددەی یەکەم/٦ لە ڕێنمایی سەرەوەم لە ناحیەی سرێشمە / قەزای خەلیفان لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بە ڕووبەری (٢٠، - ،٦٠) شێست دۆنم و بیست ئۆلک لەسەر کەرتی (٧-ب)خەڵان لەسەر پارچە زەوییەکانی ژمارە (١٦٨,١٥٩,١٥٨,٩٠,٨٩,٨٨) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە سەرەوە هاتووە و لە ڕۆژنامەی کوردستانی خەبات ژمارە (٦٩٣٥) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٣/٦ و لە ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە (٤٢٦٤) لە ٢٠٢٥/٣/٦ بڵاوکراوەتەوە بەپێ ی یاسا کاری کوژانەوە وەدەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم :** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەک بۆ:

- گشت وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی شارەوانی و گەیشت و گوزار/ هاوپێچ نەخشەی سۆفت و کوردینەیت (CD) لەگەڵ ڕێزدا
- ئیدارەی سەربەخۆی سۆران/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا.
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیل: info@moi.gov.krd
ژ.تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٩٧٢٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
www.moi.gov.krd
04/ 06/ 2025
( Burhan )